بزووتنەوەی حەماس ڕەزامەندی لەسەر ڕاگرتنی جەنگ و ئاڵوگۆڕی دیلەکان لەگەڵ ئیسرائیل داوە

سامی ئەبوزەهری، بەرپرسی باڵای حەماس بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی ڕاگەیاندووە کە ئەم بزوتنەوەیە ڕەزامەندیی لەسەر بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەسەر شەڕی غەززە داوە و دەڵێت: کشانەوەی داگیرکاران و هەوڵی ئاڵوگۆڕی دیلەکانمان دەربڕیوە و ئامادەین لەسەر ئەمەش دانوستان بکات.

ناوبراو وتیشی: حکومەتی ئەمریکا بە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی و ڕاگرتنی شەڕی کەرتی غەززە لەلایەن ڕژێمی داگیرکارانەوە ڕووبەڕووی تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بووەتەوە.

لەدوانەکانی ئەو سەرکردەیەی حەماس لە پاش ئەوە دێت کە پرۆژە پێشنیارێکی ئەمەریکا سەبارەت بە ڕاگرتنی شەڕی غەززە بە 14 دەنگی ئەرێنی و دەنگی بێلایەنی ڕووسیا لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەند کرا و بزوتنەوەی حەماسیش ڕایگەیاندووە کە ڕەزامەندی لەسەر ڕاگرتنی شەڕ داوە.